

# مامڕێوی و کەڵەشێر

ڕۆژێ ڕێویەک بە قەراخ دێیەکدا تێدەپەڕی. چاوی بە کەڵەشێرێک کەوت. چووە پێشی و سڵاوی لێکرد و گوتی: «وادیارە نامناسی، من لە تەک باوکت وەک برا وابووم. یادی بەخێر، باوکت دەنگی گەلێک خۆش بوو. تۆ دەنگت چۆنە؟»

کەڵەشێر گوتی: «دەنگی منت نەبیستووە. منیش وەک باوکم دەنگم فرە خۆشە.»

کەڵەشێر ئەمەی وت و خێرا چاوەکانی قووچاند و بە دەنگی بەرز قوقاندی.

مامڕێوی چاو قووچاندنی کەڵەشێری بە هەل زانی و خێرا پەلاماری دا، بە ددانەکانی توونـد گرتی و فڕاندی.

سەگەکانی ئاوایی پێیان زانی و وەدوای کەوتن. کەڵەباب بیری لە چارەسەری دەکردەوە. بە ڕێویەکەی وت: «ئەگەر دەتهەوێ لە چنگ ئەو سەگانە ڕزگاریت


Copyright © Kurdi.fi

بێت، هاوار کە و پێیان بێژە کە ئەم کەڵەشێرە هی گوندەکەی ئێوە نیە و لە شوێنیەکی ترم گرتووە.»




ڕێوی سەرەڕای ئەو هەمووە وریاییەی کە هەیبوو فریوی خوارد. تا هات زار بکاتەوە، کەڵەشێر لە ناو دەمی فڕی و ڕای کردە سەر دارێکی بڵند.

ڕێوی بێهومێد بوو و وتی: «ئەو دمە بە بڕین چێت کە بە ناوەخت دەکرێتەوە!»

کەڵەبابیش وتی: «ئەو چاوە کوێر بێت کە بە ناوەخت دەنووقێ!»

---

❊ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

قەراخ: «قەراغ»، کەنار، لێوار، ڕۆخ، ڕەخ
گەلێک: زۆر
فرە: زۆر
خێرا: زوو، بە پەلە
قووچاندن: نووقاندن، چووقاندن، قووجانن، ـ «بەسەریەکا هاتنی پەلکی چاو یان قامک و...»
قوقاندن: قوقانن، دەنگبەرزکردنی کەڵەشێر
پەلامار: هێرش، هەڵمەت؛ گەمارۆ
فڕاندن: ڕفاندن، قاپاندن
هەل: دەرفەت، دەم، کات، وەخت

ئاوایی: گوند
گوند: دێ
چارەسەر: ڕێی نەجات، دەرەتان، دەربازبوون
شوێن: جێگا
وریا: زیرەک، زرنگ، بەهۆش، ڕند
دم: ١.دەم، زار، دەڤ ٢. کەپۆ، لوت
ڕاکردن: ١.غاردان، هەڵاتن ٢.هەڵاتن لە ترسان
بێهومێد: بێهیوا
کوێر: کۆر، نابینا
ناوەخت: بێوەخت، بێجێ، کاتی خراپ

Copyright © Kurdi.fi

❊ گفتوگۆ و ڕاهێنان:

1. بۆچی ڕێوی تاریفی باوکی کەڵەشێرەکەی کرد؟ ..................

..................

..................

..................

2. بۆچی ئەو ڕێویە وریایە فریوی قسەی کەڵەبابەکەی خوارد؟ ..................

..................

..................

..................

3. بە باوەڕی تۆ ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی فریوی مرۆڤی فێڵەزان نەخۆین؟

..................

..................

..................

4. ئەو قسانە یانی چی:

(ئەو دەمە بە بڕین چێت کە بە ناوەخت دەکرێتەوە!) ..................

..................

..................

(ئەو چاوە کوێر بێت کە بە ناوەخت دەنووقێ!)..................

..................

..................

5. لەو چیرۆکە چی فێر دەبین؟

..................



..................

..................


Copyright © Kurdi.fi



* ئەو وشانە بخوێنەوە و بە وردی گوێ لە دەنگی ( یـ ) بگرە:

- یاری، یارەماسی، یاد، یادگار، وایە، تێیدایە، دەریا، هەیە، مەیە.
- بیبەر، ژین، ژینەوەر، فرین، زیندوو، دینار، سیلە، سینگ، سینەما.
- چیا، دیار، دیاری، دیتیان، قوتابیان، زیاتر، نیە، گیا، گیان، سیاچەمانە.

---

* بە هەر کام لەم وشانەی خوارەوە ڕستەیەک درووست بکە:

کتێبەکان ........................................

کاتێک ........................................

قەڵەم ........................................

چادان ........................................

مرۆڤ ........................................

دەنگ ........................................

وریا ........................................

---

* بنووسەوە:

ئاوایی ............ - ............ - ............ - ............

چیرۆک ............ - ............ - ............ - ............

قووچاند ............ - ............ - ............ - ............

تێدەپەڕی ............ - ............ - ............ - ............

شوێنێکی تر ............ - ............ - ............

فریوخواردن ............ - ............ - ............


Copyright © Kurdi.fi